گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:21، ژمارە:2، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 98-124، 2018
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6

# هەندێك لایەنی وشەی لێكدراو لە زمانی كوردیدا –كرمانجیی ناوەڕاست بە پێی یاساكانی گوێزانەوە

نازنین جلال احمد
پشكا زمانێ كوردی، كولیژا زمانان، زانكۆیا دهۆك، هەرێما كوردستانێ _ عیراق

*((مێژوویا وەرگرتنا ڤەكولینی: 6 خزیران، 2018، مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤكرنێ: 13 ایلولێ، 2018))*

**پوختە**

**ئەم لێكۆلینەوە، كە بە ناوی (هەندێك لایەنی وشەی لێكدراو لە زمانی كوردیدا –كرمانجیی ناوەڕاست) بە پێی یاساكانی گوێزانەوە) تەرخانكراوە بۆ ڕوونكردنەوەی هەندێ لایەنی وشەی لێكدراو لە كرمانجیی ناوەڕاستی زمانی كوردیدا بە پێی یاسا و ڕێساكانی گوێزانەوە، لە وشەی لێكدراودا، پێوەندیەكی تۆكمە و بەهێز لە نێوان ئاستی سەرەوە و ئاستی ژێرەوەی وشەكە هەیە ، بە تایبەتی ئەو جۆرە لێكدراوانەی كە لە بنەڕەتدا لە ئاستی ژێرەوە فرێزن یان ڕستەن، بۆ ڕوونكردنەوەی ئەم پێوەندیانەی نێوان هەردوو ئاستی (سەرەوە و ژێرەوە)، هەوڵدراوە یاساكانی قوتابخانەی گوێزانەوە بە سەر ئەم جۆرە وشە لێكدراوانەدا جێبەجێ بكرێت، چونكە چەمكی گوێزانەوە دەورێكی گرنگ دەبینێت لە گۆڕینی ئاستی ژێرەوە بۆ ئاستی سەرەوەدا، لێكۆلینەوەكە جگە لە پێشەكی و ئەنجامەكان لە دوو بەش پێكهاتووە.**

**لیستی هێما و كورتكراوەكان:**

| | |
|---|---|
| **ل . ب : لە بریدانان** | **ك . مەبەست : كەرەستەی مەبەست** |
| **ڕ : ڕستە** | **ز . ك : زیادكردن** |
| **ف : فرێز** | **بێ . نا : بێ ناوبەند** |
| **ف . ن : فرێزی ناوی** | **ب . نا : بە ناوبەند** |
| **ف . ك : فرێزی كاری** | **ئا . ب : ئامرازی بچووككردنەوە** |
| **ئا . خ : ئامرازی خستنەسەر** | **ك . كر : كۆپیكردن** |
| **نا : ناوبەند** | **ن . ئا : نیشانەی ئاماژەیی** |
| **ك.نامەبەست : كەرەستەی نامەبەست** | |

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6

## 1. پێشەكی

ئەم لێكۆلینەوە، كە بە ناوی (هەندێك لایەنی وشەی لێكدراو لە زمانی كوردیدا –كرمانجیی ناوەڕاست) بە پێی یاساكانی گوێزانەوە) تەرخانكراوە بۆ ڕوونكردنەوەی هەندێ لایەنی وشەی لێكدراو لە كرمانجیی ناوەڕاستی زمانی كوردیدا بە پێی یاسا و ڕێساكانی گوێزانەوە ، هەرچەند بابەتەكە تەواو نوێ نییە و پێشتر كاری لە سەركراوە ، بەڵام وابزانم بابەتەكە پرسێكی قوول و ئاڵۆزی زمانەوانی لەخۆ دەگرێت كە هێشتا دیڤچوون ولێكۆلینەوەی پتر هەڵدەگرێت، ئەم كارەش هەوڵێكی دیكەیە بۆ لێكدانەوەی بابەتەكە بە پێی یاساكانی گوێزانەوە، ئامانجی لێكولینەوە ئەوەیە كە بابەتی لێكۆڵێنەوەكە بە پێی بنەماكانی ڕێبازی بەرهەمهێنان وگوێزانەوە ئەنجامدراوە.ئامانجی لێكۆلینەوەكەش بریتیە لە :

1. سەلماندنی ئەوەی كە هەموو جۆرەكانی وشەی لێكدراو بریتی نین لە (دانەیێكی ڕێزمانی كورتكراوەیە – وحدة نحویة مختصرة).

2. زانینی بنەما وچەشن و تایبەتمەندێتی جۆرەكانی وشەی لێكدراو.

3. بۆ دەستنیشانكردنی هەر جورێك لە جۆرەكانی وشەی لێكدراو ، پێویستە لێكۆڵینەوەیان لە سەر بكرێت بە پێی هەردوو سیما و تایبەتمەندیتی ئاستی سەرەوە وئاستی ژێرەوەدا ، ئەمەش ئەوە دەگەینێت ، كە لێكۆلینەوەكە مۆرفۆسینتاكسیە، بۆ هێنانەوە نموونەكانیش پشت بە بەرهەمی زمانەوانی كورد بەستراوە.

بەشەكانی لێكولینەكە ، لە بەشی یەكەمی لیكۆڵینەوەكەدا كە تیۆرییە ، بەكورتی و پوختی باسی وشەی لێكدراو لە ڕوانگەی قوتابخانەكانی:( دێرین ، بونیادگەری ، بەرهەمهێنان وگوێزانەوە)كراوە و جەختكراوە لەسەر چەمك و بنەما و ڕێبازی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە،كە بە راوانینی ئێمە شیاوترین و گونجاوترینیانە، بۆیە لە سەر بنەمای ئەم قوتابخانەیە لێكۆلینەوەكەمان ئەنجامداوە.

بەشی دووەمیش پراكتیكییە و تەرخانكراوە بۆ جێبەجێ كردنی(یاساكانی گوێزانەوە) بەسەر ئەو جۆرە وشە لێكدراوانەی كە لە ئاستی ژێرەوە فرێزن یان ڕستەن و بە هۆیانەوە گۆڕانكارییان بەسەردا دێت و دەبنە وشەی لێكدراو و دەگوازرێنەوە ئاستی سەرەوە و سیما و تایبەتمەندیی وشەی لێكدراو وەردەگرن، واتا "وەكو فۆرمێكی لێكسیكیی سەربەخۆ تەماشادەكرێن" [1].

پێویستە ئەوەش بلێین كە ئەم لێكۆلینەوە كاری لێكدراو ناگرێتەوە، چونكە یاسا و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لێرە جێگەی باسكردنی نابێتەوە.

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6

## 2. بەشی یەكەم

### (2 . 1) وشەی لێكدراو لە چەند روانگەیەكەوە:

لێكدانی وشەكان و دروستكردنی وشەی نوێ لێیان لە رووی روخسار و واتاوە،دیاردەیەكی باو وكردەیەكی گشتیە ودەتوانین بلێین لە زۆربەی زمانەكانی جیهان ڕوودەدات ،بە تایبەتی لە زمانەكانی خێزانی هیندوئەوروپایی كە بێگومان زمانی كوردی یەكێكیانە.

وەك روونە وشەی لێكدراو بە لێكدانی دوو دانە یا پتر دروست دەبێت و دانەكان پێكەوە دەلكێن، بەڵام بە ئاسانی دیاری دەكرێن و لێكدەكرێنەوە، ئەم كردەیە لە زانستی زماندا بە كردەی (لكان– لصق) دەناسرێت[2]. دیارە زمانی كوردیش یەكێكە لە زمانە پێكەوە نووساوەكان[3]، وەكو ئەم نموونانەی خوارەوە دەردەكەوێت: (مارماسی، چاوكاڵ، دوویشك، باڵخەنجەرە، سەركەوت).

پێویستە لێرە بە كورتی بۆچوون و تێروانینی قوتابخانە زمانەوانیەكان بخێنە ڕوو لەمەر وشەی لێكدراودا:

### (2 .1 .1) قوتابخانەی دێرین(كلاسیكی):

دەكرێت تایبەتمەندییەكانی لە دوو خاڵ چڕبكەینەوە:

**1** - قوتابخانەكە، كە لە سەر بنەمای توێژینەوە لە هەردوو زمانی گریكی و لاتینی دامەزرابوو، زانایانی سەر بەم قوتابخانەیە هەندێ یاسا و رێسایان داناوە كە دەكرێت لە سەر هەموو زمانەكانی جیهاندا پەیرەوبكرێت، بێ ئەوەی تایبەتمەندێتی هەر زمانێك لە بەرچاوبگیرێت لە بەر ئەمەش بە قوتابخانەی پێوانەیی(معیاری)، یان چاولێكەری (تقلیدی) ناسرا[4]، لە نێو زمانەوانانی كوردشدا تۆفیق وەهبی، بۆ نموونە بەم جۆرە پێناسەی وشەی لێكدراوی كردووە: "وشەی لێكدراو لە دوو وشە، یان پتر پێكدێت"[5].

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم پێناسەیە بكەین ، دەبینین گشتییە و وورد نییە و هەموو جۆرەكانی وشەی لێكدراوی زمانەكانی دی ناگرێتەوە و بە تایبەتی زمانی كوردی، بۆ نموونە: لە وشەی لێكدراوی كوردیدا ، مەرج نییە بەشە پێكهێنەرەكان هەمیشە وشە بن، بەڵكو ڕەگیش وەك دانەیەكی ڕێزمانی هەرە گرنگ و چالاك بەشداری لە دروستكردنی وشەی لێكدراو دەكات و " هەرگیز نابێتە وشە"[6].

وەك لەم نموونانەدا:

–(وشە + ڕەگ):

خێرخواز = خێر + خواز (خواستن)

كافرۆش = كا + فرۆش (فرۆشتن)

پەیامنێر = پەیام + نێر(ناردن)

**2**- بایەخیان بە ڕوالەت و واتا داوە و تێكەڵ بە یەكدیان كردووە، بە راو و بۆچوونی ئەوان پێوەندێكی توند لە نێوان ڕوخسار و واتا هەیە[7].

بۆ روونکردنی ئەم ڕاوبۆچوونە ، ئەگەر لە وشەی لێکدراوی(دانوستان) و وشەی(شەکردان) وردبینەوە ، دەبینین وشەی (دان) لە وشەی لێکدراوی (دانوستان) سەربەخۆیە و بە دانەیکی فەرهەنگی لە قەلەم دەدرێت ،کە چی (دان) لە وشەی (شەکردان) بەندە و بە پاشگر دەژمێردرێت و بە واتای (شوێن – جێی) دێت ، واتا خاوەنی یەك فۆرم و دوو واتای جیاوازن، لەم رووەوە زمانەوانێك دەڵێت "تەنها لەم کردەوەیەدا پێوەندێکی ئەوتۆی( یەك بە یەك) لە نێوان دیاردەکانی زمان و واتاکانیاندا نییە"[(8)].

جێی ئاماژیە ئەم قوتابخانەیە، بۆ شیکردنەوەی وشەی لێکدراو بایەخێکی ئەوتۆی بە دروستبوونی (ئاستی ژێرەوە –البنیە العمیقە) نەداوە، بەمەش هەموو جۆرە وشە لێکدراوەکان ئەم شیکردنەوەیە نایانگرێتەوە ، وەك ئەو وشە لێکدراوانەی کە لە بنجدا فرێزن یان رستەن.

**(2. 1. 2)قوتابخانەی بونیادگەری:**

لە راستیدا قوتابخانەی بونیادگەری هاوکات لە دوو شوێنی جیاواز سەریهەلدا، یەکەمیان لە ئەورۆپا کە زمانناسی سویسری فردینان دی سۆسیور(1857-1913) بە پێشرەوی دادەنرێت ودووەمیانیش لە ئەمریکا کە لیۆنارد بلۆمفیلد(1887-1949) بە دامەزرێنەری دەژمێردرێت. بنەمای ئەم قوتابخانەیە (لێگەڕان وئەنجامگرییە–استقرائیة استنتاجیة) و بایەخ بە چۆنیەتی ڕیزبوونی پەیڤەکان دەدات نەك واتاکانیان، بەراوبۆچوونی لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە زمان سیستمێکی ڕێکخراوی تەواوە و بەپێی تایبەتمەندی هەر زمانێك یاسا و ڕیسای تایبەتی بە زمانەکەوە دانراوە، هەروەها بەگوێرەی بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە، پەیڤەکانی زمان پێوەندێکی بنەرەتی وجەوهەرییان بەیکەوە هەیە ،بۆیە هەوڵیاندا بە دوای دانەیەکی بچووکتر لە وشە بگەڕێن کە دەکرێت لە ڕێگایەوە گەلێك ئاستەنگ و گیروگرفتی وشە وجۆرەکانی چارەسەربکرێت، هەر لە ناساندنی وشەوە تا دیارخستنی بەشە پێکهینەرەکانی هەر وشەیەك چ سادە، یان دارێژراو، یان لێکدراو بێت، ئەو پارچە بچووکەش مۆرفیمە کە " بچووکترین دانەی واتاداری زمانە" [(9)].

لە رووی پێکهاتنەوەش مۆرفێمیان بەم شێوەیە دابەشکردووە.

–مۆرفیمی سەربەخۆ (free morpheme)[(10)].

–مۆرفیمی بەند (bound morpheme)[(11)].

لەسەر ئەم بنەمایە ،وشەی لێکدراوی زمانی کوردی بەم شێوەیە پێناسە کراوە :

وشەی لێکدراو : لە دوو مۆرفیم یان پتر پێکدێت وەکو بەژن چنار ، چاوامز، دوودڵ، تاریکەشەو، یەکشەممە، سەرکەوتن،... ئەگەر بە ووردی سەیری ئەم پێناسەیە بکەین دەبینین تەنها بایەخی بە ئاستی سەرەوەی (البنیة السطحیة) وشەی لێکدراو داوە و ئاستی ژێرەوە(البنیة العمیقة) فەرامۆش کردووە، واتا ئەو جۆرە

لێكدراوانەی فرامۆشكردووە، كە لە بنجدا فرێزن یان رستەن، وەكو: دڵ مردوو، جەرگ سووتاو ، سەرشكاو،كەچی پێویستە ئەو راستییە بخەینە بەرچاو كە ئەم قوتابخانەیە ( بونیادگەری) گەلێك حالەتی رێزمانی چارەسەركردووە، بۆ نموونە لە وشەی لێكدراوی كوردی ( مرچ ومۆن، كرچ وكاڵ ، نەزان و مەزان، شێت وشور)، ( مرچ ، كاڵ ، مەزان ، ،شور) فۆرمێكی سەربەخۆیان هەیە چونكە لە زمانی كوردی ئەمڕودا واتایان نییە و بە وشەی بێ واتادادەنرێن ، و بێ كەرتەكەی دی واتایان ڕوون و ئاشكرا نابێت لە بەر ئەم هۆیەش بە فۆرمی بەند دانراوە.

**2.1. 3)قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە:**

چەمكی سەرەكی ئەم قوتابخانەیە ئەوە دەگەهێنێت، كە هەر دیاردەیەكی رێزمانی دەبێت وەك (ڕستە) لە ژێر ئاستی سینتاكسدا شیبكرێتەوە و لە زماندا دوو دارِشتن هەیە:

1. دارشتنی دەرەوە (surfaces structure- البنیة السطحیة): كە دارِشتنە دیارەكەی ڕستە دەگرێتەوە و قۆناغی كۆتایی ڕونانی ڕستەیە ودەكەوێتە دوای جێبەجێ كردنی یاسای گوێزانەوە، كە بە هۆیانەوە بەرهەمدێت [12].

2. دارشتنی ژێرەوە (deep structure-البنیة العمیقة): پێوەندی بە واتای بنجی ڕستەوە هەیە، ڕۆنانێكی نادیارە لە مێشكی قسەكەر دایە، یەكەم قۆناغی بەرهەمهێنانی واتای ڕستەیە ، واتا پەیوەندی بە واتای بنجی ڕستەوە هەیە [13].

ئەو یاسایانەش كە ئەم پێوەندیە واتاییەی نێوان هەردوو دارشتنەكەی (دەرەوە و ژێرەوە) رێكدەخەن بە یاساكانی گوێزانەوە دەناسرێن [14].

وشەی لێكدراویش یەكێكە لەو دیاردە رێزمانیانەی كە بە روانینێكی سینتاكسی تەماشاكراوە و بە بۆچوونی ئەوان بنەمای هەر وشەیەكی لێكدراو ڕستەیە، چونكە ئاخافتن ( دارشتنی ژێرەوە) یە [15].

(جان دوبوا –j.dubois) كە یەكێكە لە شاگردانی چومسكی، لە سەر بنەمای ئەم رێبازە دەستی بە شیكردنەوەی وشەی لێكدراوكرد و بە بۆچوونی ئەو هەر وشەیەكی لێكدراو لە بنەڕەتدا ڕستەیە و بە چەند قۆناغێك دا گۆڕانكاریی بەسەردا دێت، وەك لابردنی چەند بەشێكی– یان زیادكردنی دانەیەكی رێزمانی ( ناو، ئاوەڵناو، ئامراز،...)، بۆ پشتڕاستكردنی بۆچوونەكەی ئەم نموونەی هێناوەتەوە.


Antirouille: جد الصدأ ( مزیل الصدأ)

- هذه المادة هي ضد الصدأ
- هذه المادة Ø ضد الصدأ
- هذه Ø ضد الصدأ
- Ø ضد الصدأ ( مزیل للصدأ)[15].

بۆ ڕوونكردنەوەی ئەم ڕاو بۆچوونەی (j.dubois) دەكرێت لە وشەیەكی لێكدراوی كوردیی وەك (چاو بە كل ووردبینەوە كە ڕاستە

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:21، ژمارە:2، (زانستێن مروڤايەتی وكومەلناسی)، بپ 98-124، 2018
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6

لە ئاستی سەرەوە دا پەیوەندییێكی واتایی لە نێوان وشەكاندا هەیە و لە **دوو بەش پێكدێت، كەچی لە ئاستی ژێرەوە دا(البنیە العمیقە) واتا لە بنجدا** **ڕستەیە وبە گۆڕانكارییێكی وەك: (لادان، جێگۆڕكێ، خستنەسەر، ...) دەبێتە وشەی لێكدراو، وەك لەم نەخشەیەدا ڕوونكراوەتەوە:**




لە ئەنجامدا بۆمان دەردەكەوێت كە ئەم لێكدراوانە، كە دەكەونە ژێر ڕێبازی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە و یاساكانی، دەبێت خاوەنی ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە بن:

1. لە بنجدا لە ئاستی ژێرەوەدا(البنیة العمیقة) فرێزن یان ڕستەن.

2. شیاو و قابیلی شیكردنەوەیان هەبێت ، واتا بشێن یان دەستبدەن بۆ ئەوەی بخرێنەبەر یاساكانی گوێزنەوە و لە ئەنجامدا ئاستی ژێرەوە و ئاستی سەرەوە بە یەك دەبەسترێنەوە و وشەی لێكدراو دروستدەبێت.هەر وەك (مارتینی) دەلێت: " خولقاندنی وشەی لێكدراو كردەیەكی كورتكردنەوەیە، كورتكردنی ( فرەدانەیی– الكثرة) بۆ دانەیەكی سەربەخۆ (الوحدة) [16].

ئەوەی جێی ئاماژەیە ،هەندێك لە وشە لێكدراوەكان ،لە بنجدا نە فرێز و نە ڕستەن ،بەڵكو لە ئاستی سەرەوە و لە ئاستی ژێرەوە دا هەر وشەی لێكدراون. بە پێی ئەم دوو سیمایا

<+ڕستە ، +فرێز> ، <– ڕستە ، –فرێز>


**دوو جۆرە وشەی لێكدراو دەستنیشاندەكەی.**

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:21، ژمارە:2، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 98-124، 2018
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6

**یەکەم:** وشەی لێکدراوی سینتاکتیکی: ( لە ئاستی ژێرەوە، فرێزن یان رستەن)

**دووەم:** وشەی لێکدراوی نا سینتاکتیکی: ( لە ئاستی ژێرەوە نە فرێزن و نە رستەن و هەر لێکدراون).

**یەکەم** : وشەی لێکدراوی سینتاکتیك: بەو جۆرە لێکدراوانە دەوترێت کە بنجدا فرێزن یان ڕستەن و کۆمەڵێك چەمك و سیمای تایبەتیان هەڵگرتووە، وەك لەم هێڵکاریە دەردەکەوێت:



https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6

**لە کۆتاییدا دەگەینە ئەم ڕاستیەی کە دەبێت وشەی لێکدراو بە پێی سیما وتایبەتمەندیەکانی خۆی و بە پێی بنەمای ڕێبازەکە، بەم شێوەیە پێناسە بکرێن:**

ئەو جۆرە وشانەن کە جۆرێکیان لە ئاستی ژێرەوە هەر لێکدراون و جۆری دییان لە بنجدا فرێزن ، یان ڕستەن و بە هۆی یاسا و ڕێسای ئەم ڕێبازە گۆڕانێکی بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە و بۆنەتە وشەی لێکدراو.

ماوەتەوە بڵێین کە بیردۆزەی بەرهەمهێنان وگوێزانەوە پشتی بە (خەملاندن ومەزندە – الحدس و التخمين) بەستووە و بە تایبەت لە وشەی لێکدراودا واتا – بە پێی مەبەستی ئاخڤتنکەر دەگۆڕێ ئەمەش ئەوە دەگەینێت لە ئاستی ژێرەوە (ك. مەبەست) و( ك.نامەبەست) بە ئارەزووی ئاخڤتنکەر هەڵدەبژێردرێت واتا – هەڵبژاردنی ئەم کەرەستە ( مەبەستە) یاسایەکی ئارەزوومەندایە، بەلاّم جێبەجێ کردنی ئەم یاسایانە بە سەر ئەو کەرەستانەی کە مەبەستن بۆ دروستبوونی وشەی لێکدراو یاسایەکی خورتییە.

**(2 . 2) تایبەتمەندیی وشەی لێکدراو:**

ئەوەی جێی ئاماژەیە هەردوو جۆری وشەی لێکدراوی ( سینتاکتیك و ناسینتاکتیك) لە ئاستی سەورەوە وەکو " فۆرمی یەك لیکسیمی سەربەخۆ تەماشەدەکرێت" [17]، بۆیە یەك سیما و تایبەتمەندیان هەیە و بە چەند خاڵێك دەستنیشاندەکرین،کە گرنگتریان ئەمانەن:

1. کەرت ناکرێن: بەشە پێکهێنەرەکانی لێك ناترازێن و بە یەکەوە تێکچڕژاون لە ڕووی فۆرم و واتاوە.

2. بەشەکانی لانادرێن: بەشە پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراو بە ئاسانی لانادرێن، بەلاّم دەشێت کورت بکرێنەوە.

3. بەشەکانی جێگیرن و بارنەگۆڕن:واتە ئەگەر کەرتەکان پاش و پێش خران ئەوا پێکهاتەکەی دەشێوێت و لە قەوارەی وشەی لێکدراودا دەردەچێت [18].

4. بەشەکانی سنوردارن: واتا لە دوو بەش، یان زیاتر پێکدێن.

5. سیمای دووبارەکردنەوە لە خۆ دەگرێت: مەبەست لە دووبارەکردنەوە" کردەی بەرهەمهێنانی کەرەسەیەك بە خواستنی ماوەی فۆنۆلۆجی – واتە چەند برگەیەك لە ڕەگ یان بناغەی وشەکە خۆیەوە" [19]. وەك هاژە هاژ، گرمە گرم ، تەقە تەق، دوڵاودۆل ، سەرانسەر، پشتاوپشت، ... هتد ، بە بۆچوونی (ساپیر) ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی جیهانیە و لە هەموو زمانەکاندا هەیە [20].

6. هەڵگری تاکە هێزێکە: چونکە وەك تاکە وشەیەك ڕەفتاردەکات، ئەمەش ئەوە دەگەینێت وشەی لێکدراو لە ئاستی سەرەوە یاساکانی

گوێزانەوە نایانگرێتەوە، تەنها ئەوانە دەگرێتەوە كە لە ئاستی ژێرەوە یان فرێزن،یان رستەن.

پاش ئەم چاوپێخشاندنە بە قوتابخانەكانی( دێرین، بونیادگەری، بەرهەمهێنان وگوێزانەوە)

دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بكەین، لە گەلٚ هەموو ئەم ڕاستیانەشدا، بەلام چەند حالٚاتی ڕێزمانی هەن تا ئێستا لە لایەن قوتابخانەی دێرین و تیوری ڕونانكارییەوە چارەسەرنەكراوە، بۆ نموونە ئەو وشە لێكدراوانەی كە لە فرێزەوە وەرگێراون، یان لە بنجدا ڕستەن ، چارەسەركردنی ئەم كێشانە و شرۆڤەكردنیان پاساوێكی بەتین بوون بۆ هاتنەكایەی قوتابخانەی ( بەرهەمهێنان وگوێزانەوە) ئەو قوتابخانەیەش ئەوەی دەرخست، كە چۆن ئەو وشانە لە بناغەدا فرێزێك، یان ڕستەیەك بوون و لە ڕێی هەندێك یاسای گوێزانەوەی وەك: (لابردن، جێگۆڕكێ، خستنەسەر، ... هتد) بوونەتە وشەیەكی لێكدراو.بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەدا پشتدەبەستین بە بنەما و ڕێبازی و تیۆری (بەرهەمهێنان و گوێزانەوە) بۆ شرۆڤەكردن و شیتەلكردنی ئەو جۆرە لێكدراوانە كە باسكران . بە هەرحالٚ پێمان وایە كە قوتابخانەكان تەواوكەری یەكترن بۆ پڕكردنەوەی كەموكوڕییەكانی ئەوانی پێشتر پەیدابوونە.

**(2. 3) یاساكانی گوێزانەوە:**

پاش هەلٚهێنجانی ئاستی ژێرەوەی ئەو وشەی لێكدراوانەی كە لە بنجدا فرێزن یان ڕستەن، بەلٚكو ئاستی ژێرەوەی هەندێكیان لە ڕستەیەك یان زیاتر پێكدێن و بە هۆی یاساكانی ( فرێزپێكهێنان)ەوە، پەیوەندییە ڕێزمانیەكانی ناو هەر ڕستەیەك دەستنیشاندەكرێن و بە هۆی چەند یاسایەكی گوێزانەوە گۆڕانكارییان بە سەریان دێت و هەروەها ئەو كەرەسانەی كە مەبەستن بە هۆی یاسای گوێزانەوە دەگوزرێنەوە ئاستی سەرەوە و لە ئەنجامدا وشەی لێكدراو دروستدەكەن ، ئەوەی جێیَ تێبینییە هەر زمانێك یاسای گوێزانەوەی تایبەتی بە خۆی هەیە، ئەم یاسایەنەش بە پێی جێبەجیَ كردنیان دابەش دەبنە سەر دوو جۆر:

**یەكەم: یاسایە خورتیەكان (القوانین الاجباریە(opligatorgrule):**

ئەم یاسانە ، كە دەبیَ پەیرەوبكرێن بۆ بەرهەمهێنانی هەر ڕستەیەك، یان دیاردەیەكی دروست لە ڕووی ڕێزمانەوە. وەك جێگۆركی جێناوی لكاو بۆ كوتایی كار یان بەركار بۆ نموونە - من نامەم نوسی.

بۆ نموونە: لە ڕۆنانی هەندێك ئەو وشە لێكدراوانە، كە لە بنەڕەتدا فرێزن یان ڕستەن پێویستە هەندیَ یاسای گوێزانەوە بە خورتی جێبەجیَ بكەین وەك یاسای (لابردن، جێگۆركی).

دووەم : یاسا ئارەزوویەكان(optional rule):

ئەو یاسایانە كە پەیڕەوكردنیان، یان نەكردنیان بەندە بە خواست و ئارەزووی كەسەكەوە، گرنگتر یاساكانی گوێزانەوە ئەمانەن:

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:21، ژمارە:2، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 98-124، 2018
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6

**1.** لابردن (deletion): دیاردەیەکی ڕێزمانییە و بریتیە لە لابردنی هەندێك کەرستەی زیاد و ئاشکرا لە ڕستەدا .(21)

لە زمانی کوردیدا (یاسای لابردن) یەکێکە لەو یاسا گوێزانانەوەی کە بە جێبەجێ کردنیان وشەی لێکدراوی سینتاکتیکی و جۆرەکانی دروستدەکرێن :

أ + ب + ج = أ + Ø + ج = أ + ج

**2.** جێگۆڕکێ ( permutation) =: أ + ب = ب + أ

بەپێی ئەم یاسایە دوو کەرەسە جێگۆڕکێ دەکەن و جێگەیان لە ڕستەدا دەگۆڕنەوە، بۆ نموونە هەندێك وشەی لێکدراواکە لە ئاستی ژێرەوە فرێزن بە هۆی ئەم یاسایەوە جێگەیان دەگۆڕنەوە و لە ئەنجامدا بەم شێوەیە دەگۆزرێنەوە ئاستی سەرەوە :

| ئاستی ژێرەوە | ئاستی سەرەوە |
|---|---|
| شاری وێران | وێرانشار |
| ژنی مەلا | مەلاژن |
| نوێژی شەو | شەونوێژ |

**3.** خستنەسەر (زیادکردن) (addition):

واتا زیادکردنی کەرەسەیەك بۆ گێڕانی ئەرکێکی ڕێزمانی، بۆ نموونە : هەندێك جار لە وشەی لێکدراودا نیشانەی بچووککردنەوە (ۆکە، ۆلە) وەکو زیادەیەك دەخرێتە سەر وشە لێکدراوەکە وەك:

– (خاڵخاڵۆك) = خاڵ + خاڵ + ۆکە (پاشگر)

– جاڵجاڵۆکە = جاڵ + جاڵ + ۆکە

4.بریدانان (البدیل): أ+ ب = أ + ج

بە پێی ئەم یاسایە کەرەستەیەك جێگەی کەرەستەیەکی دی دەگرێتەوە ، لە وشەی لێکدراوی زمانی کوردیدا ،ئامرازی پێوەندی جێگەی نیشانەی خستنەسەر (ی) دەگرێتەوە.

| فرێز | | وشەی لێکدراو |
|---|---|---|
| **گوڵی باخ** | ⟸ | **گوڵە باخ** |
| **چەرمی گا** | ⟸ | **چەرمە گا** |

**لە هەردوو نموونەدا ئامرازی ناوبەندی (ە) لە بری ئامرازی خستنەسەری (ی) دانراوە**

**5. کوپیکردن( استنساخ) ( copying) = أ + ب = أ + ب + أ**

کوپیکردن: دەرکەوتنی دوو کەرەستە لە یەك شوێن لە ڕستەدا ،ئەوەی جێی سەرنجە ئەم یاسایە لە دروستکردنی وشەی لێکدراوی زمانی کوردیدا جێبەجێ کردنی تا ڕادەیەك کەمترە. ئەوەی جێی ئاماژەیە هەندێ وشەی لێکدراو زیاتر لە یاسایەکی

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:21، ژمارە:2، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 98-124، 2018
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6

گوێزانەوە لە سەر جێ بە جێدەکرێت. وەکو تەرە پیاز ، دۆلاودۆل ، پیرەمێرد، جاجالۆکە، ...


## 3. بەشی دووەم : پراکتیزەکردنی یاساکانی گوێزانەوە

لە وشەی لێکدراودا ، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئاستی سەرەوە و ئاستی ژێرەوەدا هەیە، بۆ نموونە چەمکی گوێزانەوە دەورێکی گرنگ دەبینێت لە گۆڕینی ئاستی ژێرەوەی هەندێك وشەی لێکدراودا، کە لە بنجدا (فرێزن، یان ڕستەن) و بە وشەی لێکدراوی سینتاکتیکی ناودەبرێن، جێبەجێ کردنی یاساکانی گوێزانەوە(لابردن، جێگۆرکی، خستنەسەر،...) گۆڕانکارییێکی بنەڕەتیان بەسەردێت و لە ئەنجامدا وشەی لێکدراو پێکدێت و دەگۆزێنەوە بۆ ئاستی سەرەوە، بۆیە هەوڵدراوە یاساکانی گوێزانەوە بە سەر وشەی لێکدراودا جێ بە جێ بکرێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی پێوەندی نێوان ئاستی سەرەوە و ئاستی ژێرەوە هەروەك پێشتر باسمان کرد، وشەی لێکدراو بە سەر دوو جۆر دابەشکرا:

**(3. 1)** وشەی لێکدراوی سینتاکتیکی : ئەم جۆرەش لە ئاستی ژێرەوە، فرێزن یان ڕستەن.

ئەوەی جێی ئاماژەیە وشەی لێکدراوی سینتاکتیکی لە ئاستی سەرەوە بە پێی یاسای ( وشە پێکهێنان)،وشەکان و کەرەستە پێکهێنەرەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ (بێ ناوبەند)، یان ناڕاستەوخۆ (بەناوبەند) دەبەسترێنەوە [22]، کە چی لە ئاستی ژێرەوە هەردوو جۆرەکە ( بە ئامرازی خستنەپاڵ) پارچەکانی فرێز لەگەڵ یەك گرێ دەدرێن، هەروەك لەم نەخشەیەی خوارەوە ڕوونیان دەکەینەوە.



https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6

**وەك لـەم نموونانە دەردەكەوێت:**

**أ–گەڵامیو، ژنبرا، خۆشناو، گەنـدەموو، دڵشـاد، گرانبەها، ژێر پیاڵە، ...**

**ب–**گۆڵـەباخ ، شەرەپشیلە، چەرمەگا، كورەئاغـا، نێرەكەو، زەردەمار، تەرەپیاز، پیرەمێرد،...

ئەگــەر بــەوردی ســەیری ئــەم نموونانــەی سەرەوەبكەین، دەبینین.

كۆمەڵەی (أ): بەشـە پێكهاتـەكانی بـە شـێوەیەكی ڕاستەوخۆ (بێ ناوبەند)بەیەك بەسـتراونەتەوە، لـەم یاسایانە پێكدێن:

–ناو + ناو

–ناو + ئاوەڵناو

–ناو + ئاوەڵكار

–كۆمەڵەی (ب): بەشە پێكهاتەكانی بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ (بە ناوبەند) پێكەوە گرێ دراون و لەم یاسایانە پێكدێن:

–ناو + ە + ناو

–ناو + ە + ئاوەڵناو

–ئاوەڵناو + ە + ناو

ئەوەی شایانی باسە ئەم جۆرە وشە لێكدراوانە لـە ئاستی ژێرەوە فرێزن و بە هۆی هەندێك یاساكانی گوێزنەوە وەكو ( لادان، لەبریدانان، زیادكردن، جێگۆركی،.. ) دەبنە وشەی لێكدراو .

1–وشەی لێكدراوی (سینتاكتیكی) (بێ ناوبەند):


ئەم جورە وشانە لـە ئاستی ژێرەوە ( فرێز، ڕستەن) بوویە، بە جیا هەریەكیان باس دەكەین.

**1.1 وشەی لێكدراو( كە لـە بنەرەتدا فرێزن)**

بۆ بەرهەمهێنانی ئەم لێكدراوانە لـە ئاستی ژێرەوە هێڵكارییەكە، بەم شێوەیە دەبێت:

**–دێی گەوەرە ⟸ گەورە دێ**

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6




3 + 2 +1

3 + Ø +1


2 + 3

**گەورە+ دێ ⟸ گەورە دێ**

–بەهۆی دوو لە یاساكانی گوێزانەوە (لابردن وجێگۆركی) بە بەرهەمدێت

**نموونە: گەلاّی مێو ⟸ گەلاّ مێو**

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:21، ژمارە:2، (زانستێن مروڤايەتی وكومەلناسی)، بپ 98-124، 2018
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6




(ڕوویی ناوەوە ) 3 + 2 + 1

3+Ø+1


(ڕوویی دەرەوە ) 3 + 1

**گەلاٚ+مێو ⟸ گەلاٚميو**

**گەلاٚمێو بە پێی یاسای گوێزانەوەی (لابردن) بە بەرهەمدێت**

**نموونە : ژێری پیاڵە ⟸ ژێر پیاڵە**

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6




3 + 2 + 1

3+Ø+1

3+1


**ژێر+ پیاڵە ⟸ ژێرپیاڵە**

**ئەم نموونەیش بە پێی یاسای گوێزانەوە (لابردن ) بەرهەمدێت:**

**2–وشەی لێکدراوی سینتاکتیکی  بە ناوبەند:**

**گوڵی باخ ⟸ گوڵە باخ**

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6




3 + 2 + 1

3 + (ـە)/ی ، 2 + 1


3 + (ـە) ،2 + 1

**گوڵ + ـە + باخ ⟸ گوڵەباخ**

**بە پێی یاسای گوێزانەوە ناوبەندی(ـە) لە بری (ی) خستنەپاڵ دانراوە، كەواتە بە پێی یاسای لە بریدانان بەرهەمهێنراوە.**

**نموونە : ماری زەرد ⟸ زەردەمار**

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6




3+2+1

1 + 2 ، ی/(ـە) + 3

3+ 2/ (ـە) +1

**زەرد+ ـە + مار ⟸ زەردەمار**

**لەم نموونەیەدا یاساكانی گوێزانەوە( لەبریدانان و جێگۆڕكی) بەكارهاتوون.**

**(3. 2) وشەی لێكدراو ( لە بنەرەتدا ڕستەن):**

ئەمانەش دەبنە دوو جۆر:

(3. 2 .1 )ڕستەی سادە:

هەندێك لە وشەی لێكدراوی سینتاكتیكی لە ئاستی ژێرەوە ڕستەن وەكو :

1. پەیام نێر ، وێنەگر ، كافرۆش ، بزن مژ، زوڕنا ژەن، دارتاش...


2. باوك مردوو، ماڵبردوو، یەكگرتوو ، كۆستكەوتوو ، هەواڵ ناردوو، گۆشت خواردوو، ئاوبردوو، ...

3. جەرگ سووتاو، نان بڕاو ، دڵ بەستراو، ماڵ سووتێنراو، خانوو ڕۆخێنراو.

ئەم جۆرە وشەی لێكدراوانەی لە سەرەوەدا دەستنیشانكرا، بە یەك یاسای گوێزانەوە دێنە بەرهەم، ئەویش یاسای (لابردن)ە ، وەك لەم نەخشەیەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە:


**ئەو كەسە پەیام دەنێرێت ⟸ پەیام نێر.**

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6




**پەیام + نێر ⟸ پەیامنێر**

**نموونە: ئەو کەسە باوکی مردووە ⟸ باوك مردوو**




گۆڤارا زانكویا دهوك، پەربەندا:21، ژمارە:2، (زانستێن مرۆڤایەتی و كومەلناسی)، بپ 98-124، 2018
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6

**باوك+ مردوو ⟸ باوك مردوو**

**لەم نموونەیەدا جگە لە یاسای لابردن هەروەها یاسای زیادكردنی پاشگری (وو) بەكارهاتووە**

**ئەو ماڵەكەی ڕوخاوە ⟸ ماڵ ڕوخاو**




٤ + ٦ + ٨ (زیادكردنی پاشگری (وو) بۆ دروستكردنی ناوی بەركار)

**ماڵ + ڕوخاو ⟸ ماڵڕوخاو**

**ئەم نموونەیە بە یاسای (لابردن ، زیادكرن) ئەنجامدراوە.**


هەندێ جار (ڕوخسار– شێوە) ، یان (لێكچوون – تشبیە) ، یان ناولێنانی ئامێرێك و شێوەی كاركردنی دەبنە هۆی ناولێنانیان وەكو (دەمەشێر، خالخالۆكە، باڵەخەنجەرە، حوشترمروغ، دەستار، شەكرشكێن، ... هتد .

ئەم نموونانەی سەرەوە لە بنجدا (ئاستی ژێرەوە ) ڕستەن و بەهۆی هەندێ یاساكانی گوێزانەوە وەكو (لابردن، كوپی كرن، لە بریدانان، زیادكردن، ...) بە پێی پێویست و جۆری وشەی لێكدراوەكە بەكاردێن.

**لەم هێلكارییە خوارەوە ڕوونیان دەكەینەوە.**

**ئەو مێرووە پشتی پڕ لە خاڵە ⟸ خاڵخاڵۆكە**

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6




**7+ ك.ر (7) + ز.ك (ۆكە)**


**خاڵ + خاڵ (ك.ر)+ ۆكە**

**خاڵ + خاڵ + ۆكە ⟸ خاڵخاڵۆكە**

**هەروەكو ل هێلكارییەكەی سەرەوە دیارە ئەم نموونەیە بە یاسای (لابردن، (ك.كر)، (ز.ك)) بە بەرهەمدێت.**

**نموونە : ئەم گوڵە شێوەی وەكو دەمی شێرە ⟸ دەمەشێر**

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:21، ژمارە:2، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 98-124، 2018
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6




7 + ل.ب ( ئا. خ (ی) /ن. ب ( ـە )) + 9

**دەم + ـە + شێر          دەمەشێر**

**بە یاساکانی گوێزانەوە(لابردن ، لە بریدانان ) بە بەرهەمهاتووە.**


### (2 .2 .3) ڕستەی لێكدراو:

هەندێك وشەی لێكدراو، لە ڕێزمانی نویدا بە جووتە وشە دەژمێردرێت [23]، وەك: دولاٚودۆل، کولاٚن بە کولان، دەشت ودەشت، شاخاو شاخ ، پشتاوپشت، جادەبەجادە، ناوبەناو، ڕۆژبەڕۆژ، ...

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم جۆرە وشە لێكدراوانە بكەین دەبینین: لە ئاستی سەرەوە وەکو وشەیەکی لێكدراو( جووتە وشە) ڕەفتار دەکەن، چونکە پەیوەندییێکی واتایی نیوان وشەکان و بە تایبەتی کارەکەدا هەیە، چونکە وەسفی حاڵی کارەکە دەکەن و تەنیا لە دوو بەش پێکدێن [24]. لە ڕێی یاساکانی گوێزنەوەی (لابردن، لێکدان) بوونەتە وشەیەکی لێکدراو، بەلاٚم لە ئاستی ژێرەوە لە دوو ڕستە پێکدێن.

**هەر لەم هێڵکارییە ڕوونکراوە**

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6




5 + ز. ك (ن.ب/ بە ) + 5


**كولان + بە + كولان          كولان بـە كولان**

**ئەم ڕستە لێكدراوە بە هۆی یاسـای (لادان )و (زیادكردن) بوویە وشەیەكی لێكدراو**

**سـەبارەت بـە نـاوی دەنگـەكان لـە وشـەی لێكدراودا ،سیمای (+ دووبارەكردنەوە)ی نـاوی دەنگەكە باوە بۆ گوزارشتكردن لە زۆری ناوكە، واتا بە دووبارەكردنەوەی وشەكە وشەی لێكدراو دروست دەبێت [25]، وەكو : گاڵەگاڵ ، هاژەهاژ، ورەوڕ، گرمەگرم ، خڕەخڕ،... كە چی لە ئاستی ژێرەوە لە دوو ڕستە پێكدێن و بە هۆی یاسای گوێزانەوەی (لابردن)ە گۆڕانكارییەكی بەسـەریان هاتووە و بۆنەتە وشەی لێكدراو. " كەواتە ئەو وشە لێكدراوانە بەستراوانە لە هەردوو ئاستەكەی زماندا دەوری تایبەتی خۆیان هەیە. لە ئاستی مۆرفۆلۆجید وشـەیەكی لیكدراون و بـە هـوی ناوبەندی (ـە)وە. لـە ئاسـتی (سـینتاكس) یشـدا گرێیەكی داخراون و ڕۆڵی ڕستەیەك دەبینن" بۆ نموونە :**

**گرمەی هەور دێت گرمەی هەور دێت ⟸ گرمەگرم**

گوڤارا زانكویا دهوك، پەربەندا:21، ژمارە:2، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 98-124، 2018
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6




**گرمە + گرمە ⟸ گرمە گرم Ø**

**ئەم ڕستە لێكدراوە بە هۆی یاسای (لابردن )**

**كورتكراوە و بوویە وشەیەكی لێكدراو**

**جوری دووەم : وشەی لێكدراوی ناسینتاكتیكی: ئەو جۆرە وشە لێكدراوانە دەوترێت، كە خاوەنی سیماو تایبەتمەندیێ <+ ئاستی سەرەوە ، – ئاستی ژێرەوە> واتا لە ئاستی سەرەوە و ژێرەوە هەر لێكدراون، لە چەند دانەیەك یان زیاتر پێكدێن، دانەكانیان بە یاسای وشە پێكهاتن لەگەڵ یەكدی بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ( بێ ناوبەند)، یان بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ (بە ناوبەند)دەبەسترێنەوە. وەكو : (چل چرا، ئەمڕۆ، سەركەوت، پارەوپۆل، سەربەست، هەزار مێرد، گوڵەگەنم، شاگوڵ، چوارده، ژن وماڵ ، سەركەوت، نەزان و مەزان، دوودڵ، گورج وگۆل، چوارچاو ...).**

**ئەگەر بە وردی سەیری ئەم نموونانەی سەرەوە بكەین دەبینین:**

**1-بەشەكانی ئاخاڤتن (ناو ، ئاوەڵناو، ناوی ژمارە، ئاوەلكار، ...) بەژداری دەكەن لە دروستكردنی**

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:21، ژمارە:2، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 98-124، 2018
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6


**ئەو جۆرە لێكدراوانە ( وشەی لێكدراوی سینتاكتیكی) و بە دانەی سەرەكی (ك. مەبەست) دەژمێردرێن.**

**2-دانەكان (ك. مەبەست) بە ناوبەند یان بێ ناوبەند لەگەل یەكدی دەبەستڕێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەینێت دوو جۆرە وشەی لێكدراوی ناسینتاكتیكی هەیە:**

**أ–وشەی لێكدراوی ناسینتاكتیكی بە ناوبەند .**

**ب–وشەی لێكدراوی ناسینتاكتیكی بێ ناوبەند.**

وەك لەم نەخشەیە ی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:




**ئەوەی جێیێ ئاماژەیە لەو جۆرە لێكدراوانە ناوبەندی (ە، و) زۆر چالاكە بۆ گرێدان و بەستنەوە ی( ك. مەبەست)ەكان** (26)

## ئەنجام

**لەم لێكۆلینەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:21، ژمارە:2، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 98-124، 2018
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6

1–بۆ زانینی بنەچە و چەشن و تایبەتمەندیی وشەی لێكدراو و ئەو بەشانەی (بناغانە)ی، كە بەشداری لە پێكهاتنی دەكەن و جۆر و شێوەی بەستنیان لە گەل یەكدا، پێویستە وشەی لێكدراو لە هەر دوو ئاستدا (سەرەوە و ژێرەوە) لێی بكۆڵرێتەوە.

2–دەكرێت بلێین دوو رێگە هەن بۆ چێكردنی وشەی لێكدراو:

–لە رێی ئاستی سەرەوە (رووخسارەوە): چێكردنی وشەی لێكدراوی (ناسینتاكتیكی –المركبات غیرالنحویة)، كە ملكەچی یاساكانی گوێزانەوە نابن، واتا لە ئاستی ژێرەوە فرێز و رستەنین، بەڵكو لێكدراون.

–لە رێی ئاستی ژێرەوە: چێكردنی لێكدراوی (سینتاكتیكی – المركبات النحویة)، كە ملكەچی یاساكانی گوێزانەوە دەبن ، واتا لە ئاستی ژێرەوە فرێزن یان رستەن ،لێرەوە دەكرێت بلێین هەموو وشەی لێكدراوەكان (دانەیەكی رێزمانیی كورتكراوە نین).

3-هەر دانەیەكی رێزمانی بە تایبەت وشەی لێكدراو و جۆرەكانی پێویستە پێناسە بكرێت بە پێی سیما و تایبەتمەندیی خۆیەتی و لە چوارچێوە و لە میانەی ئەو كەشو هەوایی تێدا دروستبووە.

4-سیما و تایبەتمەندیی دوو جۆری وشەی لێكدراو (سینتاكتیكی و نا سینتاكتیكی) لە ئاستی سەرەوە وەك یەكن و لە ئاستی ژێرەوە جیاوازن.

5-دیاردەی كورتكردنەوە لە ئاستی سەرەوە و ژێرەوەی وشەی لێكدراو بە دی دەكرێت ، لە ئاستی سەرەوە ئەركی فۆنەتیكی وەردەگرێت . لە ئاستی ژێرەوەش ئەركی سینتاكسی دەگێریت.

6-یاساكانی گوێزانەوە جێگیرنین و بەگوێرەی زمانەكان دەگورێن.

7-بێگۆمان لێكۆلینەوە لە ( وشەی لێكدراو) لە هەردوو ئاستدا دەبێتە پێوەر بۆ دیاریكردن و ناسینەوەی جۆرەكانی .

8-هەروەها یاساكانی گوێزانەوە دیاریكراون، كە لە میانیانەوە قۆناغەكانی كردەی (پرۆسەی

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6

**گوێزانەوە جێبەجێ دەبێت، بۆ چێکردنی ئەم چەشنە وشە لێکدراوانە، گرنگتریان ئەمانەن: (لابردن ، جێگۆڕکێ ،کۆپیکردن، زیادکردن، لە بریدانان ).**

**پەراوێزەکان**

[1] Bloomfiled :1933 : 25
[2] میلکا أفیتش:2000، 58.
[3] سەلام ناوخوش : 2018 : 169 – 170
[4] محمود السعران :1992 : 320 – 321
[5] توفیق وهبي : 1956 : 27
[6] فردینان دی سوسور : 1985 : 209
[7] حلمي خلیل : 1998 : 18
[8] محمد رەزای باتینی : 1993 : 29–30
[9] Bloomfiled :1933,166 :
[10] وریا عمر امین : 1986 : 12
[11] نازنین جلال احمد : 2004: 79
[12] یحي عباینة و امنة الزعبي : 2005 : 65
[13] شفیقة العلوي : 2004: 52
[14] میشال زکریا : 1998: 111
[15] محمد علي الخولي : 1977: 201
[16] محمد الهادي عیاد : 2010: 89
[17] محمد الهادي عیاد 2010: 89
[18] محمد عومەر عەوڵ: 2001: 45
[19] Bauer : 1983 : 105
[20] Katamba: 1993: 18
[21] Sapir : 1949: 76
[22] Trask : 1993 : 76
[23] نازنین جلال احمد : 2004: 99– 106
[24] کوثر عزیز گەلالەی: 1998 : 62
[25] ئازاد ئەمین فەرەج : 1998: 36
[26] نازنین جلال احمد : 2004: 104 – 111

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە بە زمانێ کوردی:**

– ئازاد ئەمەین فەرەج باخەوان ، (1998)، مورفیمەکانی(ە) لە دیالێکتی کرمانجی خواروو زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر، زانکوی بەغدا، کولیجی پەروەردە.

- توفیق وەهبی (1956)، دەستووری زمانی کوردی ، ج 1، دار الگباعه الحدیپه، بەغدا.

- سەلام ناوخوش (2018)، لە بارەی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس (لێکۆلینەوەیەکی شیکارییە بە کەرەسەی کوردی، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

- کەوسەر عەزیز گەلالی ( 1998)، جووتە وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتورا، زانکوی بەغدا، کولیژی پەروەردە ابن رشد، بەغدا.

- محەمەد رەزای باتینی(1993)، ئاورێکی تازە بۆ سەر رێزمانی، وەرگێران: حەسەنی قازی، سوید.

- محەمەد عومەر عەول(2001)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە رووی دارشتن و ئەرکەوە- کرمانجی خواروو- نامەی ماستەر، کولیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- وریا عمر امین (1986)، مردنی وشە ، گوڤاری کاروان، ژمارە 45، هەولێر.

- نازەنین جلال احمد (2004)، وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا لە رووی رۆخسار و ناوەرۆکەوە، نامەی دکتورا، کولیژی پەروەردە، ابن رشد، زانکۆی بەغدا، بەغدا.

**سەرچاوە بە زمانێ عەرەبی:**

- حلمي خلیل (1988)، الکلمة دراسة لغویة معجمیة، ط2، دار المعرفة الجامعیة ، الاسکندریة.

- فردیناند دی سوسیر (1985) علم اللغة العام، ترجمة: یوئیل یوسف عزیز، مطبعة دار الافاق العربیة، بغداد.

- میشال زکریا (1988)، الالسنیة التولیدیة و التحویلیة و قواعد اللغة العربیة الجملة البسیطة، ط2، المؤسسة الجامعة للدراسات و النشر و التوزیع، بیروت.

- محمد علي الخولي، (1999)، النظریة التحویلیة واللغة العربیة، دار الفلاح للنشر و التوزیع، عمان.

- میلکا افیتش(2000)، اتجاهات البحث اللساني: ترجمة : سعد عبدالعزیز مصلوح و وفاء کامل فاید، ط2، منشورات المجلس الاعلی للثقافة، القاهرة.

- محمود السعران(1992)،علم اللغة مقدمة للقارئ العربي،ط2، دار النهضة العربیة، القاهرة.

- محمد الهادي عیاد (2010) ،الکلمة دراسة في اللسانیات المقارنة، مرکز النشر الجامعي دار سحر للنشر ، ج 1، تونس.

- یحیی العباینة وامنة الزعبي(2005)، علم اللغة المعاصر مقدمات و تطبیقات، دار الکتب الثقافي ، اربد، الاردن.

**- -ب بە زمانێ ئینگلیزی:**

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.6

- Bloomfield, L (1933) *Language*. New York: Holt.
- Bauer, l (1983), English word formation, cambirdge university press.
- katamba ,F (1993),morphology , mcmillion , london.
- Trask, R.L. (1993) . *Dictionary of English Grammar* . London: Penguin Group.
- Sapir, E (1949)*Language: An introduction to the study of speech.* London: Rupert Hart.

## بعض جوانب الكلمة المركبة في اللغة الكردية حسب القوانين التحويلية
## اللهجة الكرمانجية الوسطى انموذجا

**الخلاصة**

**يتألف البحث الموسوم ب ( بعض جوانب الكلمة المركبة في اللغة الكردية حسب القوانين التحويلية اللهجة الكرمانجية الوسطى انموذجا ) من مبحثين: المبحث الاول وهو الجانب النظري من البحث يتناول دراسة وتحليل الكلمة المركبة من خلال (البنية السطحية –surfaces structure ) و( البنية العميقة deep structure) ، لتحديد اصل ونوع ومميزات كل نوع والطريقة التي تتم بها تكوينه.**

**اما المبحث الثاني وهو تطبيقي، فيشمل توظيف وتطبيق عدد من القوانين التحويلية على الكلمات المركبة و خاصة الكلمات المركبة – النحوية) كما ثم تحديد اهم القوانين التحويلية التي تجرى من خلالها مراحل عملية التحويل لتركيب هذ النوع من الكلمات المركبة اهمها قانون الحذف ، التقديم و التأخير، التكرار، الاستبدال، وتوصلت الباحثة في نهاية البحث الى جملة من النتائج ثبتتها في خاتمة البحث.**

## SOME ASPECTS OF COMPOUND WORDS IN KURDISH ACCORDING TO TRANSFORMATIONAL RULES : CENTRAL KIRMANJI AS A SAMPLE

**ABSTRACT**

**This research entitled " Some aspects of compound words in Kurdish according to transformational rules : central kirmanji as a sample" of twe sections. The first section which is a theortical one deals with studying and analyzing compound words in terms of surface structure and deep structure to identify the origin, kind and features of each type and the way by which it is formed.**

**The second section, on the other hand ,which is a practical one, includes exploiting and applying some transformational rules to compound words particularly syntactic compound words and identifying the most important transformational rules by which the process of tranasformation is made to form this type of compound words the most important of which are deletion, for grounding, postposing and substitution. At the end of the research ,the researcher mentions the most important conclusions arrived at and the list of references.**